# خوێندنەوە بۆ سێ بەرگی ئنیسکلۆپیدیای کورد و کوردستان

## سەلاح جەلال

ئنیسکلۆپیدیای کوردو کوردستان لەسێ بەرگدا بەهەوڵ و تەقەلای کۆمەڵێك دڵسۆز بڵاوبووەوە، بۆشاییەکی گەورەی لەمێژووی کەلتورو خوێندراوەی کوریدا پڕکردەوە. گرنگی ئەم بابەتە بەوتارو کاری سەرپێیی تەواو نابێت بەڵکو بۆتە پرۆژەیەکی گرنگی مەعریفی، پێویستە لەهەموو بوارەکانەوە کاریان لەسەر بکرێت. لەکاتێکدا بەرەو ئەوە دەچێت مێژووی کوردو کوردستان بەهەموو بوارو گۆڕانکارییەکانییەوە لە میمۆریەکدا کۆبکاتەوە، واتای فەرهەنگی وشەکەیش بوارەکانی مەعریفە دەگرێتەوە.

ئنیسکلۆپیدیا لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، واتای بازنەکان یان سیستەمێکی تەواو بۆ مەعریفە بۆ چەند بابەتێکی سەرەکی، یان واتای کۆمەڵێك زانست و هونەر، لەزمانی عەرەبیشدا بە واتای فەرهەنگ یان دائیرەتولمەعاریف دێت، دوایی پەرەی سەند بۆ فەرهەنگێکی گشتی بۆ زانست و ڕەوانبێژی و پیتەکان.

بەر لە پرۆژەی ئنیسکلۆپیدیا مەعریفە گشتییەکان بەناوی ئەدەبی و فەرهەنگەوە دەردەچوون. لەبەر ئەوەی بازنەکانی مەعریفە جیاوازە لە فەرهەنگ، ئەم پێناسەیەکی کورتی وشەو مادەیەو ئەو فراوان دەبێتەوە بۆ بەیان کردن و واتا ئیستلاحییەکان لەم زانستەو لەوی تردا، لەگەڵ مێژووی فیکرەکەو بەشەکانی و ئەو بابەتانەی بە فیکرەکە دەگەن لەشیکردنەوەو داواکارییەکانیاندا.

بەم شێوەیەیش گرنگی و بایەخی ئەم پرۆژەیە دەردەکەوێت بۆ هەموو میللەتێك و بیر و داهێنانی ئەم زاراوەیە زۆر کۆنە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ( سیوسبیوس )ی یۆنانی قوتابی ( ئیفلاتون ) ئنیسکلۆبیدیایەکی کۆکردۆتەوەو فەوتاوە، دوای ئەو ( ستوبینۆس ) و ( سیوداس ) و ( کابلا ) گرنگترین فەرهەنگیان لەمێژوودا بەرهەمهێناوە. دوای ئەوەیش میللەتانی تر هەوڵیان بۆ داوە، ئێمەیش وەك نەتەوەیەك لێی بێ بەش بووین، کاتێکیش ئەم سێ بەرگەی

ئنیسکلۆپیدیام بەکوردی بینی و خوێندمەوە بەراستی وەك خەوێکە کۆمەڵێك نوسەری دڵسۆز بەخۆبەخشی بۆ میللەتی کورد کردویانە. لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە نەك بۆ ئێمە بۆ گەلانی تریش زۆر ئەستەمە، ئەوان لەسەر ئاستی زانکۆکان هەوڵیان بۆ داوە بە توانای مادی بێ سنوورەوە، لەسەدەی دوانزەدا ئەوروبییەکان لە زانکۆی ئۆکسفۆر ساڵانی 1200. هەوڵیان بۆ داوەو دوایی زانکۆی کمردج دوایی دائیرەی مەعاریفی بەریتانی1768 تەنها بەرگی یەکەمی دەرکرد، کاتێك زانکۆی فەرەنسی ساڵی 1959 مجەلەدی یەکەمی بەسەرپەرشتی( دنیس دیدرۆ )دەرکردو دوایی بەهاوبەشی کۆمەڵە فەیلەسوفێکی وەك( ڤۆلتێر )و ( رۆسۆ )و ( دالمبرت )و چەندانی تر پێشکەوت، ئەمەیش ئەوە دەردەخات دوو سەدەو چەند دەیەیەکی خایاندووە، لەکاتێکدا بەکارتێکەری سەرەکی لەسەر رۆشنبیری گشتی و هەڵگیرساندن و سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا دادەندرێت.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و سەرنجە ئەوەیە زانکۆکانی جیهان لەو کاتەوە بەو هەموو پێشکەوتنەی خۆیانەوە چەند سەدەیان پێچووە هەتا ئەم پرۆژەیەیان بەرهەمهێناوە.

هەروەها فەرهەنگی چینیش(کوکین سی فون لوی تسی). لەدانانی(شوهوفر) وە مێژووی سروشتی یۆنانی بەگرنگترین کتێبی ئنیسکلۆپیدیا دادەنرێت لە مێژوودا لە نوسینی ( غایۆس بلینوسش )لە 23-79م.

دوای ئەویش فەرهەنگی ئەڵمانی( ارش غروبر ) لەشەش بەرگدا دەرچوو، لە1796 و 1810 بەسەرپەرشتی (وختر) دوایی فەرهەنگی ئیتالی بیفاتی لە ساڵی 1884. جگە لەمانەیش هەموو گەلانی جیهان هەوڵیان بۆ ئەم پرۆژە گرنگ داوە، تەنانەت لەئیسلامیشدا مەزهەبی شیعە ئنیسکلۆپیدیای تایبەت بەخۆیان داناوە.

ئەم ئنیسکلۆپیدیایەی بەردەستمانە بەکوردی سێ بەرگەو هەر بەرگەی سێ بەشی تایبەتە بە هەموو کارکەرو بوارەکانی مەعریفە لەشاعیرو نوسەرو رۆژنامەنوس و هونەرمەندو زاناو کەسایەتی ئیرشاد و تەریقەت و شۆڕشگێران و شوێنە گرنگە گشتییەکان و پیشەو پیشەییەکان و تاد.. لێردا هەن. بە پێی ریزبەندی پیتی ئە بجەدی ریزکراون .

بەرگی یەکەم 523 لاپەڕەی قەبارە گەورەی شێوە دیزاینی گۆڤارە. لەسێ بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم ژیاننامەی حەفتا کەسێتی گرنگ و کارکەرن لەبوارەکانی مەعریفەدا، هەر لە ئەحمەد ئیبراهیم و ئیبن خەلەکان و ئەحمەد ئیسماعیل رامیز ئەحمەد دینەوەری مەلا ئەحمەدی رەش و ئەحمەد گۆرانی و مەلا ئەحمەدی ئەحمەد ئاواو ئەحمەدی موفتی زادە و ئەحمەد نۆتشی و ئەحمەد عەلی فەوزی و ئەحمەد زەهاوی و ئەمین شێخ عەلائەددین و ئیبراهیم حەسەن شارەزووری و ئیدریس بەتلیسی و سمکۆی شکاك و بابا عەلی تەکیەو بابە شێخی ئەڵمانەو مەلا باقری بالك هەتا بنەماڵەی بەدرخانییەکان، دەیەها کەسایەتی پایە بەرزو رۆشنبیرو رۆژنامەنوس و دیپلۆماتکارو میرو رابەریان تیادا هەڵکەوتووەو هەمیشە هەوڵیانداوە لە کوردستان و دەوڵەتانی عەرەبی و جیهانیداو بەسەدەها کەسایەتی مەزنیان هەبووە لەهەموو سەردەمەکانداو رۆژنامەیەك یا ریکخراوێکیان داخرابێت کتوپڕ لە شارو وڵاتێکی تر دروستیان کردۆتەوە.

دوای ئەمانیش لەمەلا بەهای بیارەوە دەست پێدەکاتەوە، مەڵبەندی زانین و پێگەیاندنی لاوانی کورد بووە بەزانست و زانیاری و ئیرشادی تەریقەتێکی دروست هەتا پیرەمێردی شاعیرو جابانی کوردی و جوەیرییەی هەکاری و جەلالەدین عەلی خورماڵی و حەسەنی ئامێدی و شێخ حەسەنی گڵەزەردەی بەرزنجی و حەمزەی ئیمام موسا و حەمزە موکسی و حەمەئەمینی غەفاری و حەمەمین مەحمودی دەرەی مەڕو حوسەینی مەجدی و مەولانا خالید و نالی شاعیر و خەلیل خەیاڵی موتکی و شێخ رەزای تاڵەبانی و سەعیدی پیران و سەعید نەورۆسی و شەریف پاشای خەندان و عادیلە خانم و عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی و مەلا عەبدوڕڕەحمانی دار بەڕولەیی و ناسری سوبحانی و کەسایەتی تری دڵسۆز و زانا و سەرکردەن ئەوانەی توانیویانە لە پانتاییەکانی زانست و زانیندا کاربکەن.

بەشی دووەم: چەند شوێن و ناوچەیەکی گرنگی کوردستانە، ئەوانەی فەزای گرنگی زانست و مەعریفە بوون. وەك مزگەوت و خانەقاو تەکیە و حوجرەی مزگەوتەکان و شاخ و شارو گوندە گرنگەکانی تر.

بەشی سێیەم: چەند لایەنێك لە زمان و کەلتورو ئەدەب و ئاین و ئاینزاو سیاسەت و کاری رێکخراوەیی کوردییە. لە ئەلف و بێی کوردیەوە دەست پێدەکات. (د عومەر عەبدولعەزیز)زۆر وردو ژیرانە لە دەوڵەتی مادەوە باسی دەکات، دوو سەدەو نیو کورد خاوەنی نوسین و ئەلف و بێی تایبەت بەخۆی بووە، کۆنترین بەڵگەی نوسراو دەباتەوە بۆ کتێبی ئاڤێستا، باسی هەوڵەکانی (ئەبوبەکر النبتی) دەکات و هەتا کتێبی ئەلفبای کرمانجی لەساڵی 1926 ی نوسەر( خەلیل خەیاڵی) و کتێبەکەی (تۆفیق وەهبی بەگ) و کتێبی سەرف و نەحوی کوردی نوسەر (سەعید سدقی) و کتێبی رابەرێ بۆ ئیملای کوردی نوسینی (نوری عەلی ئەمین). کتێبی زمانی یەکگرتووی کوردی نوسەر( جەمال نەبەز) و کتێبی رەوتی رێنوسی کوردی نوسەر (مستەفا نەریمان). دەربارەی گرامەری کوردیش لە رەخنەو پێشنازی (مێجەرسۆن)ەوە دەست پێدەکات هەتا هەموو هەوڵەکانی تر لەتورکیا و سوریاو عێراق بۆ بەکارهێنانی پیتی لاتینی یان عەرەبی و شیکردنەوەی تەواو بۆ هەموو ئەو لایەنانە دەکات و شتە نادیارەکان دەردەخات بە هەموو بیرو باوەڕە ناکۆکەکانەوە.

بەرگی دووەم508 لا پەڕەی قەبارە گەورەی دیزاینی گۆڤارە، لەسێ بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم هەمان شێوە لە کەسایەتیەکانەوە دەست پێدەکات و لە( ئەحمەد موختار جاف) و (ئەحمەدی خانێ)وە هەتا (شاکیر فەتاح) و (عەلی مەردان) سی و شەش کەسایەتی دەگرێتەوە.

بەشی دووەم: چەند شوێن و ناوچەیەکی گرنگی کوردستانە.

بەشی سێیەم" چەند لایەنێك لە زمان و کەلتورو ئاین و ئاینزاو شوێنەواری کوردستانە.

بەرگی سێیەم: 520 لا پەڕەی قەبارە گەورەی دیزاینی گۆڤارەو لەسێ بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: ژیاننامەی چل و دوو کەسایەتییە، لە(ئەبوبەکری موسەنییف)ەوە دەست پێدەکات هەتا (یەحیا سەعید ئەفەندی) وێنەگر.

بەشی دووەم: چەند شوێن و ناوچەیەکی گرنگی کوردستانە.

**بەشی سێەم: زمان و کەلتورو ئەدەب و ئاین و ئاینزاو شوێنەواری کوردستانە.**

**ئەوەی لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەم سێ بەرگەی ئنیسکلۆپیدیایەدا دەردەکەوێت، چەند قۆناغێکی جیا جیایە، سەرەتا لە مزگەوت و خانەقا و تەکییەکانەوە لەلایەن زانا گەورەکانی ئاینی ئیسلام و شێخی ئیرشاد زانستیان بلاو کردۆتەوەو دواییش هەر هەرەس و توانەوەی ئەم کەسایەتیانە بووە بۆ ناو شارەکان و گۆڤارو رۆژنامەو بلاوکراوەیان بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و زۆریشیان گەیشتونەتە هەندەران و بەزمانەکانی روسی و فەرەنسی و ئەلمانی و ئینگلیزی و سیودی و زمانی تر هەوڵی نەبڕاوەیان داوە بۆ دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەی تر و هەوڵی ناساندنی کوردو کوردستان و زمان و کەلتورەکەیان داوە. هەروەها سەرکردەی هەموو را پەڕین و شۆڕشەکانیان کردووە. نمونەیش ئاشکرایە لە شێخ عوبەیدولای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆخانی شکاك و قازی محەمەد و بەدرخانییەکان و شێخ سەلامی بارزانی و مەلامستەفای بارزانی و سەعیدی نەورۆسی و ئەحمەدی موفتی زادەو ناسری سوبحانی و دەیەهای تر زۆریان پەتی سێدارەیان خراوەتە مل و بەشەهادەتیان زانیووەو هەمویشیان چەندین جار خراونەتە زیندانەوە.**

**جگە لەوەیش بەردەوام هەوڵی جولانەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕیان داوەو بۆ مافەکانی کورد خەباتیان کردووە، نمونەیش حکومەتی زەندی و ئەردەلان و شێخ مەحمود و کۆماری مەهاباد و بابانی و شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆو میرنشینی سۆران و ئەو پارت و رێکخراوە سیاسیانەیش، دروست بوون وەك (کۆمەڵەی هیڤی) و (تەعالی و تەرەقی کوردستان) و (ژێ کاف) و (حیزبی هیواو)و( کۆمەڵی برایەتی) و (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەستەنبوڵ) و (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان) و (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد) و (کۆمەڵەی خوێ بوون) و(ئیتیحادی محەمەدی)و(تەشکیلاتی ئیجتیماعیە)و(تەعالی ژنانی کورد/جەمعییەت) و(تەعالی کوردستان/جەمعییەت)و(تەعاون و تەرەقی کورد)و(یەکێتی زانایانی ئلینی ئازادیخواز)و (کۆمەڵەی هاریکاری و پێشکەوتنی کورد)و(بزووتنەوەی حەقە)و (حیزبی ئیسلامی کورد)و(پارتی دیموکراتی کورد)و (پارتی دیموکراتی کوردستان)و(حیزبی**

دیموكراتی كوردستان )و ( سازمانی خەبات ) لەهەڵە بجەو دەیەها حیزب و ڕێكخراوو را پەڕین و شۆڕشیان بەرپا كردووە دژی داگیر كەران بۆ رزگاری كوردو كوردستان.

هەروەها ئەم پرۆژەیە دەوڵەمەندە بەئاینەكانیش زەردەشتی و یەزیدی و كاكەیی و ئیسلام و جولەكەو مەسیحی، هەمویان وەك زانستی بەراوردكاری ئاینەكان وەك سروشتی ئاینی خۆیان باسكراون.

بەم شێوەیەش دوای گەڕان و وردبوونەوە دەبینین رووبەڕوی تەكنەلۆژیایەكی مەعریفە بووینەتەوە، دەبێت چی بكەین و لە كوێوە دەست پێبكەین؟! چۆن بتوانین ئەم شاكارە لە كایەكانی مەعریفەدا كارپێ بكەین؟ ئەمەیش كاری ئەوانەیە دەیانەوێت كار لەبوارەكانی مەعریفەدا بكەن و كێشەیان لەگەڵ خودی خۆیان و عەقڵی خۆیاندا هەیە و ئەو كەسانەن بەبیرەكانیان ئێمەو جیهان دەگۆڕن، نەك كەسانی ورێنەكەر، بەڵكو دەبێت شیكردنەوەی مەعریفیانە بكەن هەتا ئایندەیەكی گەشمان بۆ دروست ببێت. چونكە ئەوانەی دەیانەوێت مێژوو بسڕنەوە یان راستییەكانی ون بكەن ئەوا دەرگای مێژوو لەسەر خۆیان و نەتەوە دادەخەن.

ئەوەیشی گرنگە لە دوای هەموو ئەو پێشكەوتنانەی، لە دەیەكانی رابردودا هاتن ئێمەیان شۆك كرد، ماركسیەتمان هێنا هۆشی مێژوویمان نەبوو، بونیەویەتمان هێنا هۆشی زانستیمان نەبوو، زۆر بیری فەلسەفی و ئایدۆلۆژی و ئاینی هێنرانە كوردستان.

دیارە تائێستا ئەوەی لە مێژووی خوێندراوەی ئێمەدا زیاتر رووداوو بابەت و دەق و مرۆڤەكانمان لەمردن رزگار كردووە، نەكو راڤەو توێژینەوە، هەتا چەندە هەڵگری پرسیارە مەعریفییەكانمان؟ تاچەندە بتوانین بۆشاییەكانمان پڕ بكەینەوە؟، لە ئێستایشدا دەكەوینە بەردەم دەیەها پرسیاری سەرسوڕهێنەرەوە، چۆن بە ئەلیكترۆنی بیر بكەینەوە؟ چۆن بە ئەلیكترۆنی بنوسین؟ چۆن پێدراوو نوسینەكانمان بەئەلیكترۆنی بكەین؟ چی بكەین بۆ ئەوەی لەم پرۆژە مەزنەدا بۆشاییە بەتاڵەكانمان پڕ بكەینەوە، ئەمەیش كاری كەسەكانی فیكرو توێژەران و كەسەكانی ئەكادیمیاو كۆلیژەكانە، بتوانن بناغەیەكی مەعریفی دابنێن و بۆشاییەكانمان پڕبكەینەوە، هەموو بەشەكانی زانكۆ دەتوانن ئەم خەرمانەیەی مێژووی

کورد بکەنە بناغە بۆ زمان و ئیدیۆم و ڕێزمان و پیت و مێژوو جوگرافیا و کۆمەڵناسی و ئاین و شارستانی و بوارەکانی ترو بەهاوکاری بەشی ئایتی هەوڵی بە ژمارەیی کردنی ئەم ئنیسکلۆپیدیایە بدرێت لەگەڵ بڵاو بوونەوەی کتێب و نوسراوی نوسەرکان و زۆر لەو بەڵگەنامانەی گرنگن هەتا ژوورێکی ئەلیکترۆنی بۆ مێژووی کوردو کوردستان دروست ببێت. جگە لەوەیش هەوڵی لەئەستۆگرتنی پرۆژەکە بخرێتە سەر خوێندنی باڵا. چونکە پێویستی بەهەماهەنگی زۆر هەیە.

لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە تا ئێستا وەك دەستکەوتێك گرنگە لەسەر زۆربەی تێبینی و کەم و کوڕی لەم سێ بەرگەدا چاك بکرێن و لەچاپی دووەمدا بەژمارەیی بکرێت، کە ئەوانەیش سانان و کار ناکەنە سەر پرۆژەکە، ئەوەیشی جێی ئاماژەیە دەستکاری نوسینی ئەو نوسەرانە بکرێت کەوەك خۆیان ئاماژەیان پێدا زیادەڕەویان تیادا کردووە، چونکە ئەم پرۆژەیە دەبێتە سامانی نەتەوەیی، فەرهەنگی (ینغ لوتاتین)ی یابانی، لەساڵی 1407 م دوو هەزارو دووسەد نوسەر بەشدار بوون لە نوسینیدا 892 مجەلەدە. لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیەیش پێویستی بەبەردەوامی و هاوکاری زۆر هەیە هەتا بەردەوام بێت، دیارە ئەم لیژنەی سەرپەرشتیکارە دڵسۆزن و توانیویانە ئەمانەتەکانی نوسین بپارێزێت بەبێ لەبەرچاو گرتنی هیچ ئایدیاو بیرێکی ڕێگر. ئەوەیشی جێگەی تێبینیە، پێویست ناکات دووبارەو چەند بارە ناوی کەسێتیەك بهێنرێتەوە، ناسێنراوەو بابەتێکی لەسەر دەنوسرێت، بۆ نمونە ( ئەحمەدی موفتی زادە) یەك جار گرنگە، ئەوانی تر لەڕێی ئامرازو راناوو شێوازە هونەریەکانەوە دەکرێت. هەڵەی ڕێزمانی و چاپ و نارێکی رستەیش دەبینرێت.

هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ ئازیزانی لیژنەی ئنیسکلۆپیدیا دەخوازم و دەستیان دەگوشم و لام وایە ئەم کارە تەکنەلۆژیای مەعریفەیە بۆ کورد.

سەرچاوە: ئنیسکلۆپیدیای کوردو کوردستان، ئامادەکردنی لیژنەیەك/بەرگی یەکەم/ڕێکخراوی زانست بۆ باس و لێکۆڵینەوە/ چاپی یەکەم 2018.

بەرگی دووەم/ ڕێکخراوی زانست بۆ باس و لێکۆڵینەوە/ چاپی دووەم/2021

**بەرگی سێیەم/ ڕێکخراوی زانست بۆ باس و لێکۆڵینەوە/ چاپی یەکەم/2022**

**لەگۆڤاری بانە ڕۆژ لەژمارە( 130 )هاوینی 2024 دا بڵاوبۆتەوە.**